# ژمارە (٣٧)ی گۆڤاری (لڤین) و چەند وردە سەرنجێك

دکتۆر ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید
مامۆستا لە بەشی کوردی زانکۆی بەغدا

**لە یادی (108) ساڵەی ڕۆنامەگەری کوردیدا و وەکو وێستگەیەك بۆ خۆ خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن، ئەم بابەتەی (د. ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید) بڵاودەکەینەوە کە کۆمەڵێك ڕاو سەرنجی بەرێزیەتی لەسەر یەکێك لە ژمارەکانی گۆڤاری لڤین.**




لەم دواییەدا لە ڕێگای دڵسۆزێکەوە هەندێ ژمارەی گۆڤاری (لڤین)ی سلێمانیمان لە بەغدا کەوتە بەردەست، لەپاش وردبوونەوە لەو بابەتانەی کە بوونەتە جێی بایەخی دەستەی نووسەرانی، وام بە شیاوزانی هەندێ سەرنجیان دەربارە تۆمار بکەم بە ئامانجی پتر بەرەو پێشبردنی ئەم گۆڤاره ناسکە کە دیاره مەبەستی بەرێوه بەرانیشێتی، بۆ ئەمەش ژماره (37)م دەسنیشانکرد .

* **ڕەنگ...** ڕەنگەکانی بەرگی ئەم ژمارەیە بەزۆری مۆر و هەندێکیش سووری بەسەردا زاڵە، دیاره ئەم ڕەنگانەش پەسەندی کۆمەڵی کوردەوارییە و لە دیمەن و وێنەی گەورەدا دیسان بوونەتە جێی بایەخ وەکو ئەوەی لە بەرهەمەکانی شەوقیدا ڕوونە، بەمەشەوە دیاره باشتر لە ئێش و ئازار و خواستەکانی کۆمەڵگای کوردەواری گوزارشتیان پێدەکرێت، ئیدی نازانم هەڵبژاردەی ئەم ڕەنگانە لە لایەن دەرهێنەری هونەری گۆڤارەکەوە لە هەمان ئەم ئاسۆیەوە سەرچاوەی گرتووە یان نا، ڕەنگە لای من وەك خوێنەرێك ئەوەم لاگرنگ بێت کە لێیدەگەم یان بەو شێوەیەی دەیخوێنمەوە، بۆیە دەرهێنەر ئەگەر مەبەستی دی هەبێت ئەبێت

هەڵسەنگاندنی خوێنەر لە بەرچاو بگرێت،چونکە ئەوەی پێناکرێت گشت خوێنەرانی گۆڤارەکە ببینێت و ئاراستەیان بکات.

لێرەدا دەبێ دان بەو ڕاستییەدا بنێین کە پێویستە ئاستی هونەری و ڕۆشنبیری هونەرمەندی دەرهێنەری گۆڤار بگاتە ڕادەیەك گشت ئەو لایەنە گرنگ و هەستیارانە بە بایەخ وەربگرێ و بزانێ لەگەڵ ڕەنگ و وێنە و ناونیشاندا چۆن ڕەفتار دەکات.

هەر لە بەرگەکەی ئەم ژمارەیەوە ئەوەش ڕوونە کە هەوڵێکی باشی بۆ خراوەتە گەڕ لە لاساییکردنەوە و کاری دووبارەکردنەوەی بێ پێز بپارێزرێت.

بەرگەکە پێنج وێنەی بابەتە پەیوەندی دارەکانی نێو ئەم ژمارەیەی لە خۆ گرتووە لەوانەی بابەتەکانیان پتر هەستیارن، بەڵام دانەیەکیان کە وێنەی (د. عەبدوڵڵا پەشێو)ی شاعیرە لە هەموویان گەورەترە و نزیکەی سێیەکی پانتاییەکەی داگیرکردووە، بەوەش بە ئاسانی بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبێ کە لە لای دەستەی نووسەران بابەتی گفتوگۆکەی پەشێو لە ڕووی بایەخەوە دەکەوێتەوە پێش ئەوانی دی و وەك بابەتێکی ڕۆژنامە نووسی، وورووژانی زیاتری لەخۆ گرتووە، ئەگەر ئەم لایەنە لای خوێنەریش هەمان هەڵسەنگاندنی هەبێ، ئەوە بەڵگەی سەرکەوتوویی ئەو ڕۆژنامە نووسانەیە کە دیدارەکەیان سازکردووە و پرسیارەکانیان لەوەپێش ئامادەکردووە، چونکە ڕۆژنامە نووسی لێهاتوو ئەزانێ مەیلی خوێنەر بەرەو کوێ دەڕوات و چۆن مەسەلەکان دەورووژێنێت.

لە ڕاستیدا بابەتەکان بەگشتی بابەتی ڕۆژن، ئیدی ئەگەر دووپاتکردنەوەکەی دوکتۆر نووری تاڵەبانی بێت دەربارەی ئەوەی ئەندامەکانی پەرلەمانی کوردستان زیاتر گوێڕایەڵی حیزبەکانیانن نەك خواستەکانی خەڵك. یان ئەوەی ڕاوێژکاری جەعفەری باسی کردووە سەبارەت بە کەرکوك کە مەسەلەکانی خستۆتە ئەستۆی بەرپرسانی شارەکە، یان بابەتی ژنان، دوایش مەسەلەی وەزارەتێك بۆ یەکگرتوو، وێڕای ئەمەش ناونیشانێکی بێوێنە دەربارەی قاچاخ چێتی ترسناك لە سنوری تەوێڵەوە.

گشت ئەم ناونیشانانە هەستیارن و پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی ورد و دوایش چارەسەر هەیە. لەسەر یەکەمین لاپەڕەش کۆمەڵێك ناونیشانی دی جێی سەرنجن، بەڵام لە هەموویان گرنگتر ئەمەیانە (لە ژێر ناوی مەڵبەندی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیدا بە بڕی (555) ملیۆن دینار وەزارەتی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە بینای مەڵبەندی (9)ی یەکێتی لە هەڵەبجە دروستدەکات) ئەم ناونیشانە ئاماژەیە بۆ جۆرە گومانێك یان ناڕەزایی و تووڕەبوونێك کە لە ئارادا بووە، (لڤین) وەك زەنگێك بلاوی کردۆتەوە بۆ خستنە ڕووی مەسەلەیەکی گرنگ کە زۆری پێ نەچوو کولانێکی بەدوادا هات و کار و کردەوەی باش و خراپ تێکەڵکران، هەوڵدان بۆ سازدانی خۆپیشاندانێکی ئاشتی خوازانە و مۆدێرن بۆ خستنە ڕووی داواکاری ڕەوا تێکەڵ بە کاری گێرە شێوێنی و کردەوەی نەزانبوو، زیانێکی گەورەی لێکەوتەوە کە تیایدا مۆنۆمێنتی هەڵەبجە کە ڕەمزی هەموو شەهیدانی کیمیاباران و ئەنفال بوو سووکایەتی پێکرا و سووتێنرا و بە تالان چوو. جێگای داخیشە هەوڵ بدرێ وێنەی شیرینی هەڵەبجە و خەڵکە خۆڕاگرەکەی لە پێش چاوی ڕۆڵەکانی گەلی کورد و جیهان بەگشتی لێڵ بکرێت.

لەسەر ئاستی کاری ڕۆژنامە نووسیش زۆری بە پێویست دەزانم نووسەرانی (لڤین) ئەوە لەبەرچاوبگرن کە زۆربەی بابەتەکانیان زۆر دوور و درێژترن، ئەمە لەم ڕۆژگارەدا ڕەواجی نییە، چونکە خەڵك بەگشتی و خەڵکی وڵاتی ئێمە بە تایبەت ئەو بابەتە کورت و پوخت و ئامانجانە پەسەند دەکەن کە دووچاری ماندووبوونیان نەکەن. هەر بۆیەش بابەتە کورتەکانی ئەم ژمارەیە زیاتر مەیلی خوێنەر ڕادەکێشن وەك بەغدادییەکان داوای حکومەتێکی تەکنۆکرات دەکەن ئەمە بابەتێکی زۆر هەستیارە، براینە ئەوە بووەتە خەون، کەسێکی پسپۆڕ و زانا و شارەزا وەزارەتێکی بدرێتێ، ئێستا لە بەغدا تایفەگەری و لایەنگریی کوێرانە دەوردەبینێ.

هەروەها ئەم بابەتەش (ئێمە لە نێوان وەهم و دیموکراسییەتدا) کە لە کۆتاییەکەیدا بە گوتەکەی (محەمەد ئەرگون) کۆتایی پێهاتبوو کە دەڵێت"ئەگەر دیموکراسی بەبێ مافە مەدەنی و سیاسییەکان تەنیا کورت کرایەوە بۆ نێو سندوقەکانی دەنگدان ئەوا هەر خودی ئەو سندوقانە دەبنە دارمەیتی هەلگرتنی لاشەی مردوی دیموکراسی" دیارە نووسەری ئەم وتارە باش ئاگای لە باری دیموکراسییە لە عێراقدا کە گەیشتۆتە ڕادەی بازرگانێتی پێکردنی یان فریوودانی، گۆڕەپانەکە شێواوە، مەلا و سەیید لەگەڵ دیموکراسییەتدا کوجا مەرحەبا!؟

ئەگەریش بگەڕێینەوە سەر گفتوگۆکەی پەشێو دەبینین پەنجەی خستۆتە سەر گەلێ خاڵی گرنگ وەك سازکردنی ڤیستیڤاڵی ڕۆشنبیری کە بەسەدان هەزار دۆلاری بۆ خەرج دەکرێت. یان ئەوەی دەڵێت"چونکە وەك مەیتێك نەهاتمەوە، تەنانەت بەخێرهاتنەوەشیان نەکردم، ئەمانە تەنها بەخێرهاتنەوە لە مەیتان دەکەن، چ هی مرد و یان هی زیندوو" یان دەڵێت"بەشێك لە سەرکردەکانی کورد کوردی نازانن، دەبێت کۆرسێکی زمانی کوردییان بۆ بکرێتەوە.. ئەوان چواردە ساڵە بیر لە چەند یاسایەکی تایبەت ناکەنەوە بۆ پاراستنی زمانی کوردی، وڵات نییە یاسای زمانی تێدا نەبێت"

لە کۆتاییشدا پێم خۆشە ئەوە دووپات بکەمەوە کە ڕەنج و کۆششی برادەرانی (لڤین) شایانی دەستخۆشییە، بەڵام خۆزگە بەسەر هەڵەی چاپدا زاڵ دەبوون کە گرفتێکی گەورەی ڕۆژنامەنووسی کوردییە و هەتا ئێستا بە دەستییەوە دەناڵێنێت.